**وەزارەتی دارایی و ئابووری**

**ژمارە: ٧٩٢٥ لە ٢٠٢٤/٨/٧**

پاڵپشت بە فەرمانی سەرۆک وەزیران بە مەبەستی ڕەچاوکردنی دۆخی دارایی هاوڵاتی و پیشەوەرانی هەرێمی کوردستان و ئاماژە بە نووسراوی ئەنجومەنی وەزیران ژمارە (٣٣٩٣) لە ٢٠٢٤/٧/٢٣ و کۆنووسی لیژنەی دەرکردن و پێداچونەوە بە ڕێنماییە داراییەکان ژمارە (١١٠) لە ٢٠٢٤/٨/١ بڕیاردرا بە :-

**ڕێنمایی ژمارە (٣)ی ساڵی ٢٠٢٤**

**تایبەت بە ڕاگرتنی باج**

**یەکەم:**

ڕاگرتنی ڕێنماییمان ژمارە (٩)ی ساڵی ٢٠٢١ کە پاڵپشتە بە فەرمانی ئەنجومەنی وەزیران ژمارە (٩٦) لە (٢٠٢١/١/١٠) کە تایبەتە بە باجی سەر (چێشخانە و هۆتێلەکان )

**دووەم:**

ڕاگرتنی ڕێنماییمان ژمارە (١٠)ی ساڵی ٢٠٢١ کە پاڵپشتە بە نووسراوی ئەنجومەنی وەزیران ژمارە (٣١٩٦) لە ٢٠٢١/٥/٣١ و (٤٢٤٢) لە ٢٠٢١/٤/٢١ کە تایبەتە بە باجی سەر (نەخۆشخانە تایبەتەکان )

**سێیەم:**

ڕاگرتنی وەرگرتنی باجی سەر (سەمونخانە و نانەواخانەکان ) پشت بەست بە ماددەی (حەوتەم /٢٧ ) لە یاسای باجی دەرامەت ژمارە (١١٣)ی ساڵی ١٩٨٢ی هەموارکراو

**چوارەم:**

ڕاگرتنی وەرگرتنی باجی (ضريبة العرصات) کە لە یاسای ضريبة العرصات ژمارە (٢٦)ی ساڵی ١٩٦٢ی هەموارکراو دا هاتووە . تاکو یەکلایکردنەوەی ڕێکخستنەوەی ڕێکارەکانی وەرگرتنی باج لەگەڵ دام و دەزگا ئیتیحادییەکان و هەموارکردنەوەی یاساکە .

**پێنجەم:**

ئەم ڕێنماییە لە ڕێکەوتی دەرچوونی نووسراوی ئەنجومەنی وەزیران جێبەجێ دەکرێت و لە ڕۆژنامەی فەرمی (وەقایعی کوردستان ) بڵاو دەکرێتەوە

**ئاوات جەناب نوری**

**وەزیری دارایی و ئابووری**